سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە کونسێی نوێی وڵاتی یۆنان کرد

بەیانیی ئەمڕۆ چوارشەممە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دیدارێکدا لەگڵ نیکۆلاوس ستەریوولاس کونسولی گشتیی نوێی یۆنان لە هەرێمی کوردستان، پیرۆزبایی لێکرد بە دەستبەکاربوونی و هیوای سەرکەوتنی بە خواست، هەروەها هەموو پشتیگرییەکی بە سەرخستنی ئەرکەکەی دووپات کردەوە.

لای خۆیەوە کونسولی گشتیی نوێی یۆنان لە هەرێمی کوردستان، دەربڕینی خۆشحاڵی بە دەستبەکاربوونی وەك کونسولی گشتیی وڵاتەکەی لە هەرێمی کوردستان کرد، هەروەها هیوای خواست بتوانێت برەو بە پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی و هاریکاریی هاوبەش لەگەڵ هەرێمی کوردستان بدات.